**ماددەی نۆیەم :**

**ئەم رێنماییە لەرۆژی دەرچوونی جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقـایعی کوردسـتان ) بڵاودەکرێتەوە.**

**د . رێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری کار وکاروباری کۆمەلایەتی بە وەکالەت**

**ئە نجومەنی دادوەری**

**ژمارە:** 1303 **لە** 2014/6/18

**بـەیـانـی ساڵی** 2014

**پشت بەحوکمی ماددە(8) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 23ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە: -**

**یەکەم: دەست پیێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ماوەی (30) ڕۆژ لە بەرواری 2014/7/1 .**

**دووەم: ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە کە لەخوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن :-**

**1-وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گلدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياطي) و پێڕاگەیاندنی یاسایی .**

**2-ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە83ی ساڵی 1969دیاری کردوون .**

**3-ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجکردنی بڕیارێك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات**

**4-داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك) .**

5-ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم .

6-داوای مایە پوچ بوون (افلاس)و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە .

7-داوای هەڵگرتنەوە و لێك کرینەوە (شفعه)و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی بە کرێدراوی .

8-داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاوەدان و رێگەی جۆگە لەو سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقی وا الجری المسیل والمرور) مافەکانی (ارتفاق) .

9-داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .

10- داواکانی راست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو) .

11- ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە .

12- داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقە)و دایەنی (حضانة)و دیتنی مندال و رەچەلەك (نسب) .

13- داواکردنی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد) .

14- داواکانی لادانی سەرکار (قیم)و پێ سپێردراو (وصی) .

15- داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە .

16- ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت .

سێیەم: جگە لەو داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو(بەیان)ە دا هاتوون , دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببێنیت ئەگەر :-

أ- بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە .

ب- هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لەکاتی پشووی دادگاکان بکەن .

ج- داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی .

چوارەم: گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن .

**أحمد عبدالله زبير**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی حەوتـەم بڕگـەی دووەم لـە یاسـای وەزارەتـی کـارو کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 بڕیارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( 3 )ی ساڵی** 2014

**1. لێکترازاندنی یەکەی هاتوو و دەرچوو لە هۆبەی خۆیەتی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی / سلێمانی .**

**2. هێنانەکایەی (استحداث)ی هۆبەی (هاتوو دەرچوو) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کارگێری و خۆیەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ناوبراو بە مەبەستی زیاتر ڕێکخستنی ئەرك و فرمانی کارمەندانی ئەو هۆبەیە .**

**ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی 3 /6 /2014.**

**بەیانی ژمارە ( 4 )ی ساڵی** 2014

- **هێنانەکایەی (استحداث)ی هۆبەی (خانەی منداڵان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چـاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی سلێمانی / بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی بەمەبەستی چاودێری کردنی منداڵان لەتەمەنی لە دایك بوونەوە تا تەمەنی چوار ساڵی .**
- **ئەم بەیانە جێبەجێ دەکریت لە ڕۆژی دەرچوونی ڕێکەوتی 3 /6 /2014.**